# پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام

## لێکۆڵینەوەی سێهەم : شایەتومان

< کوردي - كردي - kurdish >

دکتۆر عبد الله محمد أحمد الطيار

وەرگێرانی: ئومێد عمر على
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# خلاصة الكلام في أركان الإيمان والإسلام

## المبحث الثالث: الشهادتان

عبد الله محمد أحمد الطيار

ترجمة : أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لێكۆڵینەوەی سێهەم : شایەتومان

لەم بابەتانە پێك هاتووە :

1) پێناسەی زانستی یەكخواپەرستی .
2) مانای ئیسلام .
3) جۆرەكانی یەكخواپەرستی .
4) یەكخواپەرستی زانست و بیروباوەڕ .
5) یەكخواپەرستی وویست و مەبەست .
6) یەكخواپەرستی لە پەروەردگاریەتیدا .
7) یەكخواپەرستی لەپەرستندا .
8) یەكخواپەرستی لە ناو و صیفەتەكاندا .
9) كاریگەری یەكخواپەرستی لەسەر كاروكردەوە و فەزڵەكانی .
10) مانای ( لا إله إلا الله ) .
11) مانای ( محمد رسول الله ﷺ) .
12) پەرستن .
13) مانای پەرستن .
14) مەرجەكانی پەرستن .
15) ئەو بنەمانەی كە پەرستنی لەسەر بنیات نراوە .
16) جۆرەكانی پەرستن .

## شایەتومان

**زانستی یەکخواپەرستی** : ئەو زانستەیە کە دەکۆڵێتەوە لەچۆنیەتی ناسینی خوای گەورە، لەڕووی ئەوەی چی واجبە بەرامبەر بەخوای گەورە بکرێت لە بڕیاردانی صیفاتی بەرز و بڵند و پیرۆز بۆی، وە بەدوور زانین وپاك وبێگەرد ڕاگرتنی لەهەرچی صیفات وکردارێك کە شایستەی ئەو ذاتە پیرۆزە نییە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەوەی کە چی واجبە بۆ خوای گەورە لە ئیخلاص و پەرستن و جێ بەجێکردنی ماف و فەرمانەکانی لەگەڵ دوور کەوتنەوە لەو شتانەی کە قەدەغە و یاساغی کردووە، زانستنی یەکخواپەرستی دەیشکۆڵێتەوە لە مافەکانی پێغەمبەران ونێرراوانی خوای گەورە، لەگەڵ ئەوەی چی واجبە بەرامبەریان بکرێت، و چیش ناشایستەیە بەرامبەریان، بەشێکی تری زانستی یەکخواپەرستی لەباوەڕ بە کتێب و پەڕاوە ئاسمانیەکان و فریشتەکان و ڕۆژی دوایی و زیندوو بوونەوە وپاداشتدانەوە و قەزاو قەدەر دەکۆڵێتەوە، سوودی ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە مرۆڤ بیروباوەڕی ڕاست دەکاتەوە و سەلامەت دەبێت لە دوارۆژی خۆی، و بەختەوەری هەردوو دونیاش بەدەست دەهێنێت .

**مانای ئیسلام :**

ئیسلام لە زمانەوانییدا : بە مانای ملکەچی و گەردن کەچی و گوێڕایەڵی دێت .

لە زاراوەی شەرعیشدا: بە کار و کردەوە دیار و ئاشکراکان دەوترێت، واتا خۆ تەسلیم کردن بەخوای گەورە، ئەویش بە یەکخواپەرستی وگوێڕایەڵی وگەردنی کەچی ودڵسۆزی و پوختە و خاوێن بوون لە هەمو جۆرەکانی شیرك و هاوبەشی دانان .

خوای گەورەش فەرموویەتی:﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ ﴾[1]واتا : کێ ئایینی چاکتر و جوانترە (وە کێ دیندارترە) لە کەسێك کە ڕووی خۆی یەکلا کردبێتەوە بۆ خوا و خۆی تەسلیمی ئەو ذاتە پیرۆزە کردبێت .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يُسۡلِمۡ وَجۡهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ ﴾ [2] واتا : هەرکەسێك کە بەتەواوی و بەدڵێکی پاکەوە ڕووبکاتە خوا، و خۆی تەسلیمی ئەو

(1) سورة النساء : الآية 125.

بكات، و چاكە كاريش بێت، ئەوە بێگومان دەستی گرتووە بە بەهێزترين دەستە گيرەوە كە دەيگەيەنێت بە ڕەزامەندی خوای گەورە و بەهەشتی نەبڕاوە .

وە فــەرمــوويــەتی: ﴿ فَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَاحِدٌ فَلَهُۥٓ أَسْلِمُوا۟ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُخْبِتِينَ ﴾ [3] واتا: خواو پەرستراوی ئێوە پەرستراوێكی تاك و تەنهايە, جا كەواتە ئێوە هەمووتان تەنها ملكەچی بۆ ئەو بكەن و، تەسليمی بڕيارەكانی ئەوبن .

جا دەبێت بزانين هەركاتێك ئيسلام بەڕەهايی باسكرا، ئەوە هەموو دين دەگرێتەوە، وەك ئەوەی لەم ئايەتە پيرۆزەدا هاتووە كە دەفەرموويێت : ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَـٰمُ ﴾ [4] واتا : بەڕاستی دين و ئاينی پەسەند لای خوا تەنها ئاينی ئيسلامە, چونكە پاڵاوتە و پوختەی تەواوی ئايينە ئاسمانييەكانی ترە .

ئيسلام لێرەدا هەر پێنج بنەما سەرەكيەكەی ئيسلام دەگرێتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە، فەرموودە درێژەكەی جوبرەئيلە (عليه السلام) كاتێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی خەڵكی فێری دينەكەيان بكات ولەپێغەمبەری پرسی لەبارەی ئيسلامەوە قسەم بۆ بكە، ئەويش فەرمووی: **{ الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله، وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصوم رمضان، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلاً }** [5] واتا : ئيسلام ئەوەيە شاهيدی بدەيت كە هيچ پەرستراوێكی بەهەق نييە جگە لە (الله)، وە شاهيدی بدەيت كە محمد پێغەمبەری خودايە، وە نوێژەكان ئەنجام بدەيت، و زەكاتی ماڵ وسامانت دەركەيت، وڕۆژووی ڕەمەزان بگريت، و حەجی ماڵی خوا بكەيت ئەگەر لە تواناتدا هەبوو .

## جۆرەكانی يەكخواپەرستی ( أنواع التوحيد ) :

يەكخواپەرستی دوو جۆرە :جۆرێكيان لە زانست وبيروباوەڕ، كە پێی دەوترێت يەكخواپەرستی كرداری، كە پەيوەستە بە هەواڵ و دەنگوباس ومەعريفەتەوە، كە ئەم ئايەتە بەڵگەيە لەسەری: ﴿ قُلْ

---

(2) سورة لقمان : الآية 22.

(3) سورة الحج: الآية 34.

(4) سورة آل عمران: الآية19.

(5) رواه البخاري في كتاب الإيمان، باب دعاؤكم إيمانكم (8)، ومسلم في الأيمان، باب قول النبي ﷺ « بنى الإسلام على خمس.. (120)..

﴿ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾[6] واتا : ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ : ئەو خوایەی کە ناوی (الله) یە، خوایەکی تاک و تەنهایە (بێ هاوەڵ و هاوتایە).

ئەم جۆرە یەکخواپەرستیە لە پەروەردگاریەتی و یەکخواپەرستی لەناو و صیفەتە پیرۆزەکاندا دەگرێتەوە .

جۆرەکەی تریان : یەکخواپەرستیە لە وویست و مەبەست و نیەتدا، کە بە یەکخواپەرستی لە پەرستن و عیبادەتدا ناسراوە، یان پێی دەوترێت یەکخواپەرستی پەرستراو، یان یەکخواپەرستی داواکاری، مەبەستیش لێی : تاککردنەوەی خوای گەورەیە بە شەعائیرەکانی پەرستن، وەك نوێژ، و حەج، و نزا، و پاڕانەوە، و نەذر، وسەربڕین، و هاوشێوەکانیان، کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەری : ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ ﴾[7] واتا : ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەی هۆزی کافرو بێباوەڕان، دارو بەرد پەرستان، خوا نەناسان ﴿١﴾ ئەوەی ئێوە دەیپەرستن من نایپەرستم ﴿٢﴾ .

جۆرەکانی یەکخواپەرستی سیانن: یەکخواپەرستی لە پەروەردگاریەتیدا، وە یەکخواپەرستی لە پەرستندا، وە یەکخواپەرستی لەناو صیفەتە پیرۆزەکاندا.

## یەکخواپەرستی لە پەروەردگاریەتیدا (توحید الربوبية) :

تاککردنەوە و تاکانەیی خوای گەورە لەکاروکردەوە و ئەفعالیدا، وەك خەلقکردن و بەدیهێنان وڕزق وڕۆزی، بەڕێوەبردنی گەردوون، وژیان پێ بەخشین، ومراندن، و زیندووکردنەوە، وکۆکردنەوەی ڕۆژی دوایی، وچەند شتی تریشی، تەنها خوای گەورە (الله) یە بەدیهێنەر، و ڕۆزیدەر، و ژیانبەخش، و مرێنەر، و هەر ئەویشە بەڕێوەبەری گەردوون، و باران دەبارێنێت، ئەم بەشەی یەکخواپەرستی موشریك و هاوەڵدانەرەکانیش دانیان پێدا دەنا، بەڵام ئەم دان پێدانانەیان هیچ سوود و قازانجێکی بۆیان نەبوو، وە بەوە بە موسڵمان نەژمێران و نەهاتنە بازنەی ئیسلامەوە، خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾[8]

---

(6) سورة الإخلاص: الآية 1.
(7) سورة الكافرون : الآية 2:1
(8) سورة الزمر : الآية 38.

واتا : ئەی موحەمەد ﷺ ئەگەر لەو (موشریك و هاوبەش دانەرانە) بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد؟ بەتەئکید لەوەڵامدا ئەڵێن : هەرخوا دروستیی کردوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەشی بۆدادەنێن .

بەڵگەش لەسەر ئەم جۆرەی یەکخواپەرستی، ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێت :

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ۝١﴾ [9] واتا : سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری جیهانیان .

دان نان بە بوونی خوای گەورە و پەروەردگاردا، بەوەی (الله) بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر، و بەڕێوبەری هەموو گەردوونە، بەس نییە بۆ ئەوەی بەندە پێی بێتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا زۆربەی موشریك و هاوبەشدانەرانی کۆن دانیان دەنا بە یەکخواپەرستی پەروەردگاریەتییدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێی نەهاتونەتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەویش لەبەر ئەوەی گەردنکەچی یەکخواپەرستی (الله) نەبوون لەپەرستن و عیبادەتدا، بەداخەوە زۆرێك لەخەڵکی وا گومان دەبەن ئەو کارەی کە پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانەکراوە، یەکخواپەرستیە لە پەروەردگارێتیدا، وا دەزانن ئەگەر دانیان نا بەوەی خوای گەورە بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر و بەڕێوەبەری گەردوونە، ئیتر هەموو ئەرکێکی سەرشانیان جێ بەجێکردووە بەرامبەر بە خوای گەورە، ئەمەش هەڵەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە شتێکی تر جگە لەخوا دەپەرستن، کەچی وا دەزانن ئەوەی دیکەن هاوبەشی دانان نییە بۆ خوا، واگومان دەبەن شیرك و هاوبەشی دانان تەنها ئەوەیە باوەڕت وابێت لەگەڵ خوادا بەدیهێنەر و خالیق و هەڵسوڕێنەرێکی تر هەبێت لەگەردووندا، هەر لەبەر ئەم نەزانین و جەهالەتی خۆیانەوە لەبارەی یەکخواپەرستیەوە کەوتونەتە ناو شیرك و هاوبەشی دانانەوە (خوا پەنامان بدات) .

**یەکخواپەرستی لەپەرستندا (توحید الالوهیة)** : تاککردنەوە و تاکانەیی خوای گەورە لە پەرستندا، بەجۆرێك هیچ کەسێك لەپەرستندا نەکەیت بە شەریك و هابەش بۆی، نزا و پاڕانەوە و سەربڕین و نەذر و نوێژ و ترس و ئومێد و تەوەکول و داوای یارمەتی و زۆر پەرستنی تر، کە هەر هەمووی واجبە تەنها و تەنها بۆ خوای گەورە بکرێن و کەسی لەگەڵدا نەکرێت بەهاوبەش، چونکە هەرکەسێك شتێکی تر لەم پەرستنانەدا بکاتە هاوبەشی خوای گەورە ﷻ، ئەوە بە یەکخواپەرست دانانرێت، ئەگەر چی دانیش بنێت بە یەکخواپەرستی لەپەروەردگارێتی بە (توحید الربوبیة) دا.

---

[9] سورة الفاتحة : الآية1.

یەکخواپەرستی لەپەرستندا (توحيد الالوهية)، ئەو یەکخواپەرستیەیە کە لەپێناویدا سەرجەم پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) ڕەوانەکراوون، و کتێب و پەڕاوە ئاسمانیەکانیش دابەزێنراوون، هەرکەسێك چاك شارەزای ببێت و جێبەجێی بکات بەڕاستی سەرفراز بووە، و لەو تەنگەشە و جەهالەت و نەزانینەی کە زۆرێك لەخەڵکی تێدا دەتلێتەوە ڕزگاری بووە .

با هەموو لایەکیش بزانن یەکخواپەرستی هەر هێندە نییە، کە واز بهێنیت لە پەرستنی بتەکان، بەڵکو دەبێت لەگەڵ وازهێنان لە پەرستنی غەیری خوا، خۆیشت تەبەڕاکەیت لێیان و لەو کەسانەش دۆست و خۆشەویستی ئەوانن، وە ئیخلاص و دڵسۆزی هەرچی پەرستن و عیبادەتە تەنها بۆ خوای گەورە ومیهرەبان بێت، جا بۆیە هەرکەس بەتاك و تەنهایی خوای پەرست، بەڵام بێباوەڕ نەبوو بە پەرستراوەکانی جگە لەخوا و تەبەڕای لێ نەکردن، ئەوە دەستی نەگرتووە بەو دەستگیرە بەهێزەی خوداوە کە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ﴾[10] واتا : هەرکەسێك باوەڕی بە (تاغوت) نەبێت، دیارە تاغووت ئەو کەسەیە کە لە سنووری خوا دەرچێ و، بەرنامە چەوتەکان قبووڵ کات، جا هەرکەس خۆی لەو جۆرە شتانە دوورگرت, و باوەڕی بەخوا هێنا، ئەوە بێگومان دەستی بە دەستگیرێکی زۆر قایم و ئەستوورەوە گرتـــووە .

لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: « مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللّٰهِ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ»[11] واتا : هەرکەس (لا إله الا الله) بڵێ، و بێباوەڕ بێت بە غەیری خوا، ئەوا ماڵ و سامان و خوێنی حەرام دەبێت، وئیتر لێپرسینەوەی تری لەسەر خوای گەورەیە .

بۆیە هەرکەس بێباوەڕ نەبوو بە غەیری خوا وتاغوتەکان، ئەوە دەستی نەگرتووە بە دەستگیری توند و تۆڵی (لا إله الا الله) وە، بەڵکو وازی لێهێناوە و پشتگوێی خستوە و مافەکانی پێشێل کردووە، ئەو کاتەش ماڵ و سامان و خوێنی پارێزراو وحەرام نابێت، یەکخواپەرستی پێغەمبەران، بگرە بنەمای ئەو ئاینەی کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) خەڵکیان بۆ بانگ کردووە، بریتیە لە : تاککردنەوە و تاکانەیی خوای گەورە لە پەرستنەکان، وخۆ بەریکردن لەسەرجەم پەرستراوەکانی تر غەیری خوا، ئەمەش ئەو دینە بوو کە ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت)

---

(10) سورة البقرة : الآية 256.

(11) رواه مسلم كتاب الإيمان، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا: لا إله إلا الله,برقم (25)

بانگەوازی خەڵکی بۆ کرد، وەك قورئان فەرموویەتی: ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ ﴾[12] واتا : ئەی ئیمانداران، بەڕاستی لە ئیبراهیم و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون نموونەیەکی چاکتان خراوەتە بەرچاو تاوەکو بیکەنە سەرمەشقی خۆتان، کاتێك کە بە گەل و هۆزەکەی خۆیانیان ووت : دوای ساڵەها بانگەواز، ئێمە بەرین لە ئێوە و لەو شتانەش کە لەجیاتی خوا دەیپەرستن، ئێمە باوەڕمان بەو دین و ئاینەی ئێوە نیە، ئیتر دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی لەنێوانماندا بەرپا بووە، تا ئەو کاتەی کە باوەڕ بە خوای تاك و تەنها دەهێنن .

واتا: هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ۝٢٦ إِلَّا الَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُ سَيَهْدِينِ ۝٢٧ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ۝٢٨ ﴾[13] واتا : ئەی موحەمەد ﷺ ئەو کاتە وەبیر بهێنەوە کە ئیبراهیم بە باوك و گەلەکەی خۆی ووت: بێگومان من لەو خوایانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن، بێزارو بەریم ﴿٢٦﴾ جگە لەو خوایەی کە دروستیکردووم، جابە ڕاستی ئەویش ڕێنموونیم ئەکات بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست ﴿٢٧﴾ کارێکی کرد کە ئەو وشەیە، (وشەی یەکخواپەرستیی) - پاش خۆیشی- لە نەوەکانییدا هەر بمێنێت ، تا بەڵکو بگەڕێنەوە بۆلای خوا ﴿٢٨﴾ .

بەڵێ پێغەمبەران و پەیڕەوانیان، هەردەم هەوڵیان داوە بۆ چەسپاندنی وشەی (لا إله إلا الله)، دەبێت پاش خۆشیان هەر ئەوە لەسەر زارو لەناو دڵی پەیڕەوان و نەوەکانیاندا بێت .

بەڵام بەداخەوە لەم بارودۆخەی خۆماندا، دەبینین کاریگەری یەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا لەناو خەڵکدا کاڵ بووەتەوە، و شوێنەوارەکانی وون بوون، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها دوو نموونە دەهێنینەوە :

**نموونەی یەکەم : سەربڕین و قوربانی کردن :**

(12) سورة الممتحنة : الآية 4.

(13) سورة الزخرف : الآيات 26-28.

سەربڕین کە یەکێکە لەگرنگترین ئەو پەرستانەی دەبێت تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت، ئەوەتانێ خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت :﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴾[14] واتا : جا کەواتە نوێژ بۆ پەروەردگارت بکە, وە لە سوپاسی ئەو هەموو چاکەدا، قوربانی بۆ بکە .

کە ڕوون بوویەوە سەربڕین وقوربانی کردن دەبێت تەنها بۆ خوای گەورە بکرێت، ئەنجامدانی بۆ غەیری خوا دەبێتە شیرك وهاوبەشی دانان، لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە : **عن علي ﷺ قال : حدثني رسول الله ﷺ بأربع كلمات وذكر منها : { لعن الله من ذبح لغير الله }**[15] واتا: عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ چوار ووشەی بۆ باس کردم، باسی یەکێك لەوانەی کرد، کە بریتی بوو لە (نەفرینی خــوا لەو کەسە بێت کە قوربانی بۆ غەیری خوا دەکات) .

لەم سەردەمەی خۆیشماندا بەهۆی بڵاو بوونەوەی جەهل و بێ ئاگای لە مانا و مەبەستی یەکخواپەرستی لە پەرستنەکاندا، سەربرین وقوربانی کردن بۆ غەیری خوا زۆر بووە، هەندێك لەنەزان و نەفامەکان هێندە بێ ئاگان دەچن لەسەر گۆڕەکان ئاژەڵ سەر دەبڕن، یان لەکاتی هاتنی کەسێکدا لەبەر پێیدا ئاژەڵێك دەکەنە قوربانی، یان کاتێك دەچنە خانوویەکی نوێوە بە ئومێدی خۆپاراستن لە شەڕ و خراپەی جنۆکەکان مەڕێك یان بزنێك یانووڵاخێك سەر دەبڕن، هەموو ئەمانە دەچنە چوار چێوەی شیرك و هاوبەشی دانان بۆ خوای گەورە.

### نموونەی دووەم : نزا و پاڕانەوە لە غەیری خوا ﷻ :

نزا و پاڕانەوە لەخوای گەورە یەکێکە لەگرنگترین پەرستن و عیبادەتەکان، وە هۆکارێکی گەورە و بەهێزیشە بۆ داواکردن و بەدەستهێنانی سوود و قازانج و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان، نزا و پاڕانەوە نیشانەی پێویستی و هەژاری بەندەکانە بۆ ڕەحم و بەزەیی پەروەردگاریان، خوای گەورە فەرمانی کردووە بە بەندەکانی کە تەنها و تەنها لەخۆی بپاڕێنەوە و داوای پێداویستیەکانی خۆیان لەو بکەن، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾ [16] واتا: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە.

---

[14] سورة الكوثر : الاية2.

[15] رواه مسلم، كتاب الأضاحي، باب تحريم الذبح لغير الله. (1978)

[16] سورة غافر : الآية60 .

پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: { الدعاء هو العبادة }[17] واتا : نزا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە، جا کاتێك نزا و پاڕانەوە گرنگترین و گەورەترین پەرستن بێت، ئەوا پاڕانەوە لە غەیری خوا شیرك و هاوبەشی دانانە.

بەڵام جێگای داخ و خەفەتە کەسانێك کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن کەچی دەچنە سەر گۆڕەکان و لێیان دەپاڕێنەوە و داوای خێر و خۆشی دونیا و دواڕۆژیان لێ دەکەن، کەسانێك منداڵیان نابێت دەچنە سەر ئەو گۆڕانە و بە کوڵ لێیان دەپاڕێنەوە و داوای منداڵ بەخشین لە خاوەنی ئەو گۆڕانە دەکەن، یان نەخۆشەکانیان دەبەن بۆلایان بە ئومێدی شیفا و چاك بوونەوە، لەکاتێکدا پەروەردگار دروستی کردوون و هەر ئەویش نەخۆشی خستوون، ئەو کەسەی نەخۆشیەکەی ناردبێت دەبێت داوای شیفایش هەر لەو بکرێت، نەك لەکەسانێك کە دونیایان بەجێ هێشتووە و خۆیان پێویستیان بەوە هەیە دوعای خێریان بۆ بکرێت، بۆیە دەبێت موسڵمانان زۆر ئاگاداری ئەوە بن کە هەرگیز لەغەیری خوا نەپاڕێنەوە، چونکە ئەو پەروەردگارەی کە دروستی کردوین و ڕزق و ڕۆزیمان دەدات و هەمیشە زیندووە و نامرێت، شایانی ئەوەیە هانا و هاواری بۆ بەرین نەك ئێسك و پروسکی مردووی ناو گۆڕەکان، خوای گەورە خۆی بەڵێنی بە باوەڕداران داوە هەر کات و لە هەر جێگایەك داوای لێ بکەن، ئەو لێیانەوە نزیکە، و دێت بە هانا و هاواریانەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾[18] واتا: هەردەمێك بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من, ئەوا بێگومان من لێیانەوە نزیکم, بە هاناو هاواری دوعایانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن.

وە لە بارەی نزا وپاڕانەوە لە غەیری خوداش کە هیچیان بەدەست نییە و ناتوانن هیچ شتێك بۆ مرۆڤ بکەن، فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ۝١٣ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ۝١٤﴾[19] واتا : ئەوانەی جگە لەخوای گەورە هاناو هاواری بۆ دەبەن ولێی دەپاڕێنەوە

---

(17) رواه الترمذي في الدعوات ، باب الدعاء مخ العبادة (3371) وصححه الألباني في صحيح سنن أبي داود برقم (1329).

(18) سورة البقرة : الآية : 186 .

(19) سورة فاطر : الآيتان 13، 14.

تەنانەت خاوەنی توێکڵە تەنکەکەی دەوری ناوکی خورمایش نین ﴿١٣﴾ خۆ ئەگەر هاناو هاواریان بۆ بەرن گوێیان لێتان نییە و نابیستن، ئەگەر بشبیستن بە دەمتانەوە نایەن، ڕۆژی قیامەتیش حاشا دەکەن لێتان و لەوەی کە بە (خواتان) زانیوون، بێگومان کەس نییە وەک (خوای گەورە) بە ئاگا و زانا بێت و هەواڵی ڕاست و دروست بگەیەنێت.

بۆیە داوای شەفاعەت و پێداویستی لەمردووەکان بەهیچ شێوەیەك دروست نییە، تەنانەت ئێمەی باوەڕدار نابێت لە پێغەمبەران و پیاوچاکانیش بپاڕێینەوە وهانا و هاورایان بۆ ببیەن، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا هەمووی دەچێتە خانەی شیرك وهاوبەشی دانان بۆ خوای گەورە، و لەگەڵ یەکخواپەرستیدا یەك ناگرنەوە، وە خوا پەنامان بدات ئەگەر کەسێك لەسەر شیرك وهاوبەشی دانانیش مرد هەرگیز خوای گەورە لێی خۆش نابێت، و بە هەمیشەیش لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

## یەکخواپەرستی لە ناو و صیفەتە پیرۆزەکاندا :

مانای یەکخواپەرستی لە ناو و صیفەتە پیرۆزەکاندا بەوە دێت کە ئێمەی باوەڕدار ئەو ناو و صیفەتانەی کە خوای گەورە لەقورئان و پێغەمبەری خوا ﷺ لە سوونەتدا بۆ خوایان بڕیار داوە ئێمەیش بەبێ کەم و زیاد و بێ تەئویل و تەشبیە و لادان وشێواندن، بەبێ چۆنیەتی و وێناکردن، باوەڕمان پێیان هەبێت، بەڵگەش لەسەر ئەم مەسئەلەیە، ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَا﴾[20] واتا : ناوەکانی خوا هەموو جوان و پیرۆز و پڕشکۆن, دەسا ئێوەیش هەر بەو ناوانەوە بانگی بکەن، نزا و داوا هەر بەو ناوانە بکەن.

وە فەرموویەتی:﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ﴾[21]، واتا: زاتێکە بێجگە لە خۆی هیچ پەرستراوێك نیە شیاوی پەرستن بێت، گشت ناوە جوان و پیرۆزەکان، هەرهی ئەون .

وە پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی : {إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مِئَةً إِلاَّ وَاحِدًا مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ}[22] واتا : خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە، صەد ناو جگە لەناوێك، هەرکەسێك بیانژمێرێت و (باوەڕیان پێی هەبێت) دەچێتە بەهەشتەوە .

---

(20) سورة الأعراف : الآية180.

(21) سورة طه : الآية 8.

هەرکەسیش ئینکاری ناو و صیفەتەکانی خوا بکات، ئەوە ئینکاری خالیق و بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی کردووە، مرۆڤ بە موسڵمان ناژمێردرێت هەتاوەکو باوەڕ بەناو و صیفەتەکانی خوای گەورە نەهێنێت.

ئەم جۆرە لە یەکخواپەرستی، دەبێت زۆر بە بەجوانی لێی تێ بگەین و بیر لە مانا و مەبەستەکانی بکەینەوە، بەو شێوەیە لێی تێ بگەین کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان و زانایانی پێشین لێی تێگەیشتون، چونکە کەسانێك کە خۆیان بە موسڵمانیش دەزانن، بوون بەمایەی سەر لێشێواندنی کۆمەڵێك خەڵکی لەم مەسئەلەیەدا، لەترسی ئەوەی نەکەونە ناو (تشبیە) لێکچواندن، هاتوون هەرچی ناو و صیفەتێك خوای گەورە بۆ خۆی بڕیارداوە نەفی دەکەن، بەم کارەشیان خۆیان گومڕا بوون و کەسانێکی نەخوێندەواریشیان گومڕا کردووە لەگەڵ خۆیاندا، چونکە ئەو کارەیان پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتەیە[23] .

### کاریگەری وشوێنەواری یەکخواپەرستی لەسەر کار وکردەوە وفەزڵەکانی :

1) هەرکەسێك بەڕاستی جێبەجێی بکات، بەبێ سزا و لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشتەوە .

2) هۆکاری لێخۆش بوون و سڕینەوەی تاوان و گوناهەکانە .

3) ناهێڵێت کەسی گوناهبار بە هەمیشەیی لە ئاگردا بمێنێتەوە.

4) دەبێتە هۆی هیدایەتدانی خاوەنەکەی، ودڵ ئارامی و ئاسایشی لە دونیا و دواڕۆژدا بۆ دەستەبەر دەکات .

5) هەموو کار و کردەوەیەکی جوان و چاك بەمەرجی یەکخواپەرستی لای پەروەردگار وەردەگیرێت .

6) نـاخۆشی و نارەحەتی وئازارەکان لەسەر خاوەنەکەی سووك دەکات.

7) خوای گەورە بەڵێنی سەرکەوتنی داوە بەو کەسانەی ئەهلی تەوحید و یەکخواپەرستین[24].

---

[22] رواه البخاري في التوحيد (2531)، ومسلم في الذكر والدعاء برقم (4836).

[23] القول الرشيد في حقيقة التوحيد.

[24] القول السديد لشرح كتاب التوحيد ـ لابن سعدي: (لاپەڕە 16-19).

**ماناى ( لا إله إلا الله، محمد رسول الله ) :**

(**لا إله إلا الله**) كه دەقەكانى قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەری، واتا (هیچ پەرستراوێكی بەهەق نییە جگە لە الله) بە پێی ئەم پێناسە ئێمە (نەفی = نەرێنی) و ( ئیثبات = سەلماندن) مان بەیەكەوە كۆكردووەتەوە، مەبەست لە (نەفی) واتا: نەرێنی كردنی هەموو بەندایەتی و پەرستنێك بۆ غەیری خوا، وە مەبەست لە (ئیثبات) واتا: سەلماندنی پەرستن و بەندایەتی كردن تەنها بۆ خوای گەورە ﷻ، كە هیچ شەریك و هاوبەشێكی نییە لە پەرستندا، وە هیچ شەریك و هاوبەشێكیشی نییە لە موڵكیدا، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴾[25] واتا : ئەو دەسەبەر بوونەی خوا بۆ یارمەتیدانی ستەم لێكراوان؛ لەبەرئەوەیە چونكە تەنها هەر خۆی ڕاست و هەقە، هەر ئایین و پەرستنی ئەو هەقە ، و هەرشتێ كە بێ بڕوایان لەباتی ئەو هاواری بۆ ئەبەن و ئەیپەرستن، بتەكان و هەرشتێكیتر ناهەق و پڕوپووچ و باتڵن , و هەر ئەو خوایەیە باڵادەستی گەورە، نە لەو بڵندتر هەیەو نە لەویش گەورەتر .

ماناى (**محمد رسول الله** ﷺ) : بریتیە لە باوەڕ بوون و بەڕاست زانینی پێغەمبەری خواﷺ لەناخی دڵەوە، ئەمەش هاوتا بێت لەگەڵ دەربڕینی بەزمان، بەوەی موحەمەد ﷺ بەندە و پێغەمبەری خودایە، كە بۆ سەرجەم خەڵكی بە مرۆڤ و جنۆكەوە نێرراوە، ترسێنەر وموژدەدەرە بۆیان، بانگخوازێكی ڕاستگۆیە لە لایەن خوداوە ڕەوانە كراوە بۆ لای خەڵكی، نوورێكی پڕشنگدارە بۆ گرۆی مرۆڤایەتی تاوەكو ڕێگای تاریكیان بۆ ڕۆشن بكاتەوە، وبیانخاتە سەر شاڕێگەی ئیسلام، بۆیە پێویستە ئەوەی ئەو پێغەمبەرە ﷺ هێناویەتی لە هەواڵی ئوممەتانی پێشین و لەو ڕووداوانەشی لەمەو دوا دێن باوەڕی پێ بكەین، باوەڕمان هەبێت بەو شتانەی ئەو بە حەڵاڵ و حەرامی زانیون، وە گوێڕایەڵی تەواومان هەبێت بۆ فەرمانەكانی، وە وازیش بهێنین لە هەموو ئەو شتانەی كە قەدەغەی كردوون، وە شوێن شەریعەتەكەی بكەوین، وپابەند بین بە سوننەتەكانی، وە ڕازی بین بەوەی فەرموویەتی و تەسلیمیش بین پێی.

شێخ موحەمەدی كوڕی عەبدول وەهاب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی: **« ومعنى شهادة أن محمدا رسول الله : طاعته فيما أمر، وتصديقه فيما أخبر، واجتناب ما نهى عنه وزجر،**

---

(25) سورة الحج : الآية 62.

**وأن لا يعبد الله إلا بما شرع »**[26] واتا : ماناى شاهيدى دانى (محمد رسول الله) ئەوەيە گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانی بکرێت، وە باوەڕ بەهەموو ئەو شتانە بکرێت کە ئەو هەواڵی پێداون، وە دووریش بکەویتەوە لەهەموو ئەو شتانەی ئەو قەدەغەی کردون و ڕقی لێیان بووەتەوە، وە بەهیچ شێوەیەك خواپەرستی نەکەین بەو شێوەیە نەبێت ئەو بۆی هێناوین و ڕوونی کردوەتەوە بۆمان .

**پەرستن (العبادة):**

خــوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾[27] واتا: من جنۆکە ومرۆڤەکانم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە بەندایەتی من بکەن و هەر من بپەرستن .

ئەو کەسەی بەووردی لەمانا و مەبەستی ئەم ئایەتە پیرۆزە بکۆڵێتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە کە تاکە ئامانج و مەبەست لە دروستکردنی جنۆکە و مرۆڤەکان جێ بەجێکردنی بەندایەتی و پەرستنی خوای گەورە و میهرەبانە، هەر کەس بەڕاستی و بەتەواوی هەڵسا بە جێ بەجێکردنی ئەم کارە؛ ئەوە ئامانجەکەی خۆی پێکاوە و لە گرنگی بوونی خۆی گەیشتوە لەم دونیایەدا، وە هەرکەسیش کەمتەرخەمی کرد تێیدا ئەوە بێگومان لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە، بەتاڵ بەو مانایەی تێ نەگەشتووە لە فەلسەفەی بوونی خۆی ومەبەستی سەرەکی لەسەر زەویدا .

ئەو پەرستنەش کە مەبەستی سەرەکی بوونی ئێمەیە، مانایەکی گشتگیری هەیە، کە مەبەست پێی هەموو ئەو شتانەیە کە خوای گەورە وپەروەردگار خۆشیان دەوێت و پێیان ڕازیە، لە ووتە و گوفتار وکردارە ئاشکرا و نادیارەکان، وە خۆ بەری کردن لەهەموو ئەو شتانەش کە لەگەڵ ئەمەدا یەك ناگرێتەوە .

خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾[28] واتا : ئەی موحەمەد ﷺ بڵێ : بەڕاستی نوێژو حەج و

---

[26] الأصول الثلاثة.

[27] سورة الذاريات : الآية 56.

دروشمەکانی و (سەرجەم چاکە و بەندایەتیم) و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانە ﴿١٦٢﴾ ئەو زاتە هیچ هاوەڵ و هاوبەش و شەریکێکی نیە، هەر بەوە فەرمانم پێدراوە، وە من یەکەم کەسی ناو موسوڵمانانم ﴿١٦٣﴾ .

## مەرجەکانی پەرستن ( شروط العبادة ):

**یەکەم : ڕاستگۆی ووره و عەزیمەت :** ئەمە مەرجی بوونی پەرستنە، واتا وازهێنان لە تەمەڵی و تەوەزەلی، و هەموو هەوڵێك بدات کە گوفتار و کردای هاوتەریب و هاوشانی یەکتر بن، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٣ ﴾[29] واتا : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بۆ چی شتێ دەڵێن و ڕەفتاری پێناکەن؟ ﴿٢﴾ زۆر مایەی ڕق و توڕەیی یە لای خوا، کە قسەیەك بڵێن کەچی کردەوەی پێ نەکەن ﴿٣﴾ .

**دووەم : نیەت پاکی و دڵسۆزی بۆ خوای گەورە :** واتا نیەت و مەبەستی بەندەکان لە پەرستنەکانیاندا چی گوفتار و چی کردار بێت، ئاشکرا بێت یان نادیار، هەر هەمووی لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴾[30] واتا : فەرمانیشیان پێنەدرابوو جگە بەوەی کە خواپەرستی بکەن بەپاکی و دڵسۆزی، و ملکەچی فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکە بن، و لابدەن لە هەموو ئایینێك و تەنها پابەندی ئایینی ئیسلام بن .

**سێهەم : دەبێت پەرستن وبەندایەتی کردن بە پێی ئەو شەریعەتە بێت کە خوای گەورە ﷻ فەرمانی پێکردووە :** نابێت هیچ باوەڕدارێك لەخۆیەوە عیبادەت بکات بەو مەرجە نەبێت کە هاوتای ئەو پەرستن و عیبادەتانە بێت کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هاتوون، چونکە خوای گەورە هیچ پەرستن و عیبادەتێك لە بەندەکانی وەرناگرێت بەو پێیە نەبێت کە خۆی فەرمانی پێکردووە، ئیسلامیش تاکە دینە کە خوای گەورە لە بەندەکانی وەردەگرێت، وەك فەرموویەتی: ﴿

---

(28) سورة الأنعام : الآيتان 162، 163.

(29) سورة الصف : الآيتان 2، 3.

(30) سورة البينة : الآية 5.

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ﴾[31] واتا: هەركەسێك بێجگە لەبەرنامە و شەریعەتی ئیسلام هەردینێك بۆخۆی هەڵبژێرێ، و بیكات بەبەرنامەی خۆی هەرگیز لێی وەرناگیردرێت .

لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە : **عن عائشة رضي الله عنها قالت : قال رسول الله ﷺ : { من أحدث في أمرنا ما ليس منه فهو رد }**[32] واتا : عائیشەی دایكی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) ئەڵێت : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : هەركەسێك كارێك، ئیشێك، دابهێنێت لەم دینەی ئێمەدا وتێیدا نەبێت، ئەوە لێی وەرناگیرێت و دەدرێتەوە بەسەریدا .

ئەو سێ مەرجەی كە باسمان كردن، سێ مەرج و سێ كۆڵەكەی سەرەكی پەرستن (عیبادەت) ن، پەرستن مانایەكی نییە بەو سێ مەرجە نەبێت، وورە و عەزیمەتی ڕاست مەرجە بۆ بوونی، هەروەها نیەت و مەبەستی پووخت وپاك كە هاوتا و هاوتەریبی سوونەت بێت مەرجی وەرگرتنیەتی لای خوای گەورە، بەكورتی هیچ پەرستنێك لای خوا وەرناگیرێت بە كۆبوونەوەی ئەو سێ مەرجە نەبێت لەیەك كاتدا .

## ئەو بنەمایانەی كە پەرستن (عیبادەت) ی لەسەر بنیات نراوە :

ئەو بنەمایانەی كە پەرستن (عیبادەت) ی لەسەر بنیات نراوە دوو بنەمای سەرەكین : ئەوانیش بریتین لە :

**یەكەم** : خۆشەویستی تەواو (ئەو پەڕی خۆشەویستی) .

**دووەم** : گەردنكەچی تەواو (ئەوپەڕی گەردنكەچی) .

پەرستن هیچ سوودێكی نییە، ئەگەر لەسەر ئەو دوو بنەمایە نەوەستا بێت، واتا : یەكێكیان بە تەنها بەس نییە، بەڵكو دەبێت لەسەر ئەو دوو بنەمایە دامەزرابێت، بۆیە دەبینین هەندێك لە زانایانی پێشین لەم بارەیەوە وتویانە : هەركەسێك تەنها بە خۆشەویستی خوا بپەرستێت، ئەوە بێباوەڕ

---

[31] سورة آل عمران: الآية 85.

[32] رواه البخاري في الصلح، باب إذا اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود. (2697) ، ومسلم في كتاب الأقضية باب نقض الأحكام الباطلة ورد محدثات الأمور ( 133/5).

و زەندیقە، وە هەرکەسێك تەنها بە ئومێد وهیوا وڕجا بیپەرستێ ئەوە کەسێکی (مورجئەیە) [33] وە هەرکەسێك تەنها بە ترس خواپەرستێت ئـەوە حەروریە [34] بەڵام ئەو کەسەی بە خۆشەویستی و ترس لەخوا و ئومێد و ڕجا بوون پێی خوای پەرست، ئەوە بێگومـان بـاوەڕدارێکی یـەکخواپەرستی ڕاستەقینەیە [35].

خوای گەورە لە وەصفی باوەڕداراندا فەرموویەتی : ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِ﴾[36] واتا : ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، خوای گەورەیان لەهەموو شتێك زیاتر خۆش دەوێت، وە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ خَشۡيَةِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ٥٧﴾[37] واتا : بەڕاستی ئەوانەی کە ترسی پەروەردگاریان لە دڵدایە، دەترسن خوای گەورە لێیان بڕەنجێت، هەروەها فەرموویەتی : ﴿إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ٩٠﴾[38] واتا : ئەوانە (باوەڕداران) چالاک و گورجو گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێرو چاکەیەکدا، و نزای بەکوڵیان دەکرد، بە ئومێدی ڕەحمەت و بەهەشتی ئێمە، وە لە دۆزەخ و خەشمی ئێمە دەترسان، ئەوانە هەمیشە گەردن کەچ بوون بۆ ئێمە.

## جۆرەکانی پەرستن :

پەرستنەکان جۆریان زۆرە : وەك : نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و صەدەقە و یارمەتیدانی هەژاران، و نزا و پاڕانەوە و ترس و ڕجا و ئومێد و تەوەکول و خشوع و قوربانی کردن و نەذر و کڕنووش و سوژدە بردن، تەواف و سوێند خواردن و هانا و هاواربردن و داوای یارمەتی لێکردن، زۆرێکی تر لە پەرستنەکان کە خوای گەورە وپێغەمبەر ﷺ ڕێگایان پێداوە .

---

(33) مورجیئە : ئەو دەستە وتاقمەن کە کاروکردەوە ناخەنە ناو پێناسەی ئیمانەوە، بەڵکو کاروکردەوە لە هەقیقەتی ئیمان دەخەنە دەرەوە، ئەم دەستـە و تاقمەش چەند گرۆهو کۆمەڵێکی جیا جیان لەڕووی پێناسە کردنیان بۆ ئیمان.

(34) حەروری : مەبەست لێی خەواریجەکانە، ئەو دەستە و تاقمەن کە خەڵك بە تاوانی گەورە کافر دەکەن، وە بۆیە پێیان دەوترێت حەروری چونکە نسبەت دەدرێنە پاڵ شاری (حەروراء) .

(35) معارج القبول : (397/1).

(36) سورة البقرة : الآية 165.

(37) سورة المؤمنون : الآية 57.

(38) سورة الأنبياء: الآية 90.

بە ووردبوونەوە لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی زۆریان باس لە یەکخواپەرستی و دوور کەتنەوە لە شیرك وهاوەڵ دانان دەکەن، بەجۆرێك مرۆڤ هاندەدەن لەسەر ئەوەی یەکخواپەرست بن و دوور بکەونەوە لەشیرك و هاوبەشی دانان، چونکە دەرگای هەموو تاوان و خراپەیەکە، لەم پێناوەشدا خوای گەورە پاداشتی گەورەی بۆ یەکخواپەرستان دەستنیشان کردووە، لەهەمان کاتدا سزای سەختیشی بۆ هاوەڵدانەران دیاری کردووە .

لەم پێناوەشدا کاری گرنگی پێغەمبەرانی کردووە بە بانگەواز کردن بۆ یەکخواپەرستی، و دوور کەوتنەوە لە بت پەرستی و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ [39] واتا : بەڕاستی بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەك لەهەموو سەردەمێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە، بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنێت : تەنها خوا بپەرستن و، لە(تاغووت) و یاسا پوچەڵەکان دووربن.

بەڵێ ئەو دووخاڵە: (خوا پەرستن، و وەلانانی تاغووت) هەموو پێغەمبەرێك داویەتی بەگوێی ئوممەتەکەی خۆیدا، ئەساس و بناغەی گشت ئایینەکان و دینی ئیسلامیشە .

بۆیە هەرکەسێك یەکخواپەرستی جێ بەجێکرد، ئەوە بەیارمەتی خوای گەورە هیدایەتی لەدونیادا بەدەست هێناوە، و لەسزای هەمیشەی دواڕۆژیش ڕزگاری بووە، وەك فــەرموویەتی:﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾[40]واتا : ئەو کەسانەی باوەڕیان هێنا، و لەهەمان کاتدا ناحەقیی و شیرکیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکردوە، ئاسوودەیی و هێمنی هەر بۆ ئەوانەیە، هەر ئەوانەش ڕێنموومایی کراون .

پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی :{ وَحَقَّ الْعِبَادِ عَلَى اللهِ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا}[41] واتا : مافي بەندەکانە لەسەر خوای گەورە ﷻ، کە سزای ئەو کەسانەیان نەدات هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار نەداوە .

---

(39) سورة النحل : الآية 36.

(40) سورة الأنعام : الآية 82.

(41) رواه البخاري كتاب اللباس، باب إرداف الرجل خلف الرجل،(2701)، ومسلم (كتاب الإيمان، باب الدليل على أن من مات على التوحيد دخل الجنة، (30).

# پێڕستی بابەتەکان



| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | شایەتومان | 3 |
| 2 | مانای ئیسلام | 3 |
| 3 | جۆرەکانی یەکخواپەرستی ( أنواع التوحيد ) | 4 |
| 4 | کاریگەری وشوێنەواری یەکخواپەرستی لەسەر کار وکردەوە وفەزڵەکانی | 12 |
| 5 | مانای ( لا إله إلا الله، محمد رسول الله ) | 13 |
| 6 | پەرستن (العبادة) | 14 |
| 7 | مەرجەکانی پەرستن ( شروط العبادة) | 15 |
| 8 | ئەو بنەمایانەی کە پەرستن (عیبادەت) ی لەسەر بنیات نراوە | 17 |
| 9 | جۆرەکانی پەرستن | 18 |

IslamHouse.com